کۆنگرەی نێوەی یەکگرتووی ئیسلامی لە شاری هەولێر دەستپێکرد

کۆمەک لەمەوبەر کارەکانی کۆنگرەی نێوەی یەکگرتووی ئیسلامی لە شاری هەولێر دەستپێکرد.

بەیانی ئەمڕۆ هەینی 27ـی کانوونی یەکەمی 2024، کۆنگرەی نۆهەمینی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو، لەمبارەیەوە سەلاحەدین بەهادین، ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، لە وتاری کردنەوەی کۆنگرەکەدا باسی هەندێک کێشە و گرفت لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکە کرد و رایگەیاند: "مەسەلەی مووچە یەکێک بوو لە گرفتە بەردەوامەکانی ئێم پێنج ساڵەی رابردوو، ئەمە لەمە بەدەنگ نەبووین".

ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی دەشێت: بەداخەوە ئێم خولەی پێستی ئەمینداریتی یەکگرتوو پێنج ساڵ بوو، نەمانتوانی لە ساڵی 2023 کۆنگرە ببەستین "ساڵەکمان بەپێی پێیەوەی ناوخە درێژکردەوە".

لەبارەی ووخانی ژەمی بەشار ئەسەد لە سووریا و گرتنە دەسەڵات لەلایەن چەکدارە توندڕەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی سووریا نزیک لە تورکیا، سەلاحەدین بەهائەدین گوتوویەتی: چواردە ساڵە گەلانی سووریا کێشە و خەبات دەکەن، بە بەرهەمبوو، بەڵام دیارە لەم وەستگەیە بەخێر گەیا، دەمانوەت لە دیمەشقەوە بە دەستور، چارەسەر بە حاڵەتی نێتوەیی کورد دیاریبکرێت.